له یادی 24-4 دا

شاری قەلادزیش وەکو باقی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، نەك هەر بیبەش نەبووە لە زولم و ستەم و چەوساندنەوە لە سەر دەستی رژیمی بەعس، بەلکو بەشی شیری بەرکەوتووە و راگواستن و قەدەغەکردنی هەر جۆرە هات و چۆیەك بۆ ناوچەی پشدەر و پیش ئەمەش بۆردوومانی ئەم شارۆچکەیە لە 24-4-1974 دا و دەیان کارەساتی تر کە بە سەر ئەم شارەدا هینراوە، نمونەیەکن لەو رووداوانەی کە دەیان ساله داخیان لە دلی خەلکی ئازادیخواز و ئینسان دۆستی قەلادزیدا، چەقاندووە.

لە دوای رووداوەکانی ئازاری سالی 1991 یشەوە دەسەلاتی یەکیتی و پارتی، بە شیوازی جۆراو جۆر یادی 24-4 یان کردووەتەوە، بەلام لە هەموو شیوازەکانیاندا بیجگە لەوەی کە ویستویانە برینی خەلك بکولیننەوە و باسی درندەیی رژیمی بەعس بکەن، شتیکی تریان نەووتووە و بەلکو بە کردەوەو بە شیوەیەکی ئامانجدارانە، ویستویانە هەمیشە خەلك لە ناو رووداوەکانی رابردوودا بژێت و بیر لە ئیستا نەکاتەوە.

ئەمسال نەوەی نوی بە شێوەیەکی جیاواز یادی 24-4 ی کردەوە، بەوەی کە نزیك بە 300 کەس لە خویندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە دانیشتووی شاری قەلادزین، ئیمزایەکی زۆریان کۆکردەوە وبە ریپیوانیك بۆ بەردەمی پەرلەمانی کوردستان ویستیان دەنگی نارازی خەلکی قەلادزی بگەیەنن بە دەسەلات دارانی کوردستان ولە هەمان کاتدا لە شاری قەلادزی بە دەستپیشکەری دەستەی هاوکاری و چەند ریکخراویکی تری جەماوەری و پیشەیی ریپیوانیکی هیمنانە بە دوور لە بەشداری دەسەلات و بە مانایەکی تر سەربەخۆ لە دەسەلات و حزب، چوونە سەر گۆری قوربانیانی 24-4 و پیشتریش رایان گەیاند بوو کە ریگا نادەن 24-4 وەکو سالانی پێشوو یادبکریتەوە و ئەمسال نابیت هەر وەك سالانی پیشوو بریتی بیت لە لە دەق دانی ژیان و داهاتوومان بە رووداوەکانی رابردوو.

ئەوەی کە ئیمە ئەمانەویت لیرەدا بیلێین ئەوەیە کە کارەساتی 24-4 و رووداوو خۆنیشاندانەکانی 24-4 لە سالی 1982 دا، رووداویکن لە رابردوودا رووبان داوە و بە پیی پیویست باسی پیرۆزی ونارەحەتی ئەو رووداوانە کراوە، بەلام دوای تیپەرینی چەندین سال بە سەرئەم رووداوانە دا، هیشتا دانیشتوانی شاری قەلادزی بە دەست دەیان کیشە و گیر و گرفتەوە ئەنالینن وژیانی ئیستایان رووبەرووی کۆمەلیکی زۆر لە کیشە و مەشاکیل بووەتەوە و قەت بە شیوەیەکی جددی بیر لەوە نەکراوەتەوە و نەخشە بۆ ئەوە دانەنراوە کە کیشەکانی خەلك هەر لە خزمەت گوازریەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ماف و داوا رەواکانی تر، وەلامیان پی بدریتەوە .

چارەسەری ئەم کیشە و مەشاکیلانە تەنها و تەنها بە هاتنە مەیدان و بە ستاندنی ئەم داواو خواستە رەوا و بەرحەقانەیە لە چنگی دەسەلات داران و 16 سالی رابردووش بە تەواوی هیچ گومانیکی نەهیشتۆتەوە بۆ ئەوەی کە ئینسان بە قەد مسقالە زەررەیەك ئەمەلی هەبیت بەوەی ئەم خواستانە لە لایەن دەسەلاتی ئیستاوە بینە دی و تەنها لە 24-4 کاندا برینەکانمان ئەکولیننەوە وئەمەش بە رۆشنی ئەوەمان پی ئەلیت کە ئەبیت ئیمە خۆمان لە فکری خۆماندا بین و خۆمان مافەکانمان بستینینەوە.

هاوبەش داود و ئازاد احمد

2007-4-25